**وەزارەتی دارایی و ئابووری**

**ژمارە : ١٥٩٧/٤/٩ لە ٢٠١٦/٢/٢٢**

**دوا بە دوای ڕێنماییمان ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠١٣ کە تایبەتە بە دابین کردنی پێداویستی یەکانی دەستەی وانەووتنەوە لە پەیمانگای دادوەری لە هەرێمی کوردستان بڕیاردرا بە : -**

**ڕێنمایی دارایی ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠١٦**

**پێداویستی وانەووتنەوە**

**١- خەرج کردنی بڕی (١٥,٠٠٠) تەنها پانزە هەزار دینار وەك کرێی وانەووتنەوە بۆ هەریەك لە مامۆستایان و وانەبێژانی پەیمانگای دادوەری بۆ هەر وانەیەك کە لە پەیمانگا دەیڵێنەوە .**

**٢- خەرج کردنی بڕی (٣٠٠,٠٠٠) تەنها سێ سەد هەزار دینار وەك کرێی سەرپەرشتیاری توێژینەوەکانی قوتابیانی پەیمانگەی دادوەری بە بوونی مەرجەکانی سەرپەرشتیار و ڕەچاوکردنی ڕێنمایی سەرپەرشتی نامەی زانستی پەیڕەوکراو لە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی .**

**٣- خەرج کردنی بڕی (١٢٠,٠٠٠) تەنها سەد و بیست هەزار دینار بۆ یەکجار بۆ هەر ئەندامێکی لێژنەی گفتوگۆ سەر توێژینەوەی قوتابیانی پەیمانگای دادوەری بە مەرجی هەبوونی مەرجەکان و پەیڕەوکردنی ڕێنمایی پەیڕەوکراو لە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی بۆ ئەو خەرجییە .**

**٤- پاڵپشت بە فەرمانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٠١٨) لە ٢٠١٤/٢/١١ ڕاگرتنی خەرج کردنی پاداشتێك بۆ هەر کەسێك کە خزمەتێکی زانستی پێشکەش بە پەیمانگای ناوبراو دەکات .**

**٥- خەرج کردنی دەرماڵەی نیشتەجێ بوون بە بڕی (٢٠٠,٠٠٠) تەنها دوو سەد هەزار دینارە بۆ هەر قوتابییەکی پەیمانگا کە لە دەرەوەی شاری هەولێرەوە هاتبێت بۆ خوێندن لە پەیمانگا پاڵپشت بەم بەڵگەنامانەی خوارەوە و کار بە بەرواری ئاماژە پێکراو لە نووسراومان ژمارە (١٧٥) لە ٢٠١٦/١/١٤ نەکرێت:-**

**أ- پێناسەی باری شارستانی .**

**ب- کارتی زانیاری .**

**ج- پسوولەی خۆراك .**

**٦- ئەو پارێزەرەی لە پەیمانگای ناوبراو وەردەگیرێت دەرماڵەیەکی تایبەتی مانگانە وەردەگرێت بە قەدەر ئەو مووچە و دەرماڵە جێگیرانەی کە هاوەڵەکانی لە وەزیفەدا وەریدەگرن ، بەپێی ساڵەکانی خزمەت و بڕوانامە بە یەك لیست لەگەڵ دەرماڵەی نیشتەجێ بوونی قوتابیانی دەرەوەی هەولێر (پارێزەر + فەرمانبەر) .**

**٧- ئەم ڕێنماییە لە ڕۆژی دەستبەکاربوونی قوتابی لە پەیمانگا خەرج دەکرێت .**

**رابەر صدیق محمد**

**بریکاری وەزارەت بەوەکالەت**